# پەکخواپەرستی لەپەرستندا لەگەڵ بەڵگە وگرنگیەکانی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

عبدالسلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ توحيد الألوهية : أدلته و أهميته ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1433

IslamHouse.com

## یەکخواپەرستی لەپەرستندا لەگەڵ بەڵگە وگرنگیەکانی

**الالوهية :** ووشەیەکە و لە ووشەی (إله) وەرگیراوە بەواتای پەرستراوی گوێڕایەڵی بۆکراو، (إله) یش یەکێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە، دیسان (الالوهية) یەتیش صیفەتێکە لە صیفەتەکانی خوای گەورە وبەرز وبڵند، خوای گەورە (اللّٰه) پەرستراوی هانا بۆ براوە، ئەو خوایەی کە پێویستە دڵەکان هانای بۆ بەرن و گوێڕایەڵ وملکەچ بن بۆی، لەبەر ئەوەی خوای گەورە (اللّٰه) پەروەردگاری بەرز وبڵندە، دروستکەر و بەڕێوەبەری ئەم گەردونەیە، بەهەموو صیفەتە جوان وکەماڵەکان وەصف دەکرێت، و دوور و بەریە لەهەموو کەم وکوورتیەك، هەر لەبەر ئەمە دەبێت هەموو ملکەچی وزەلیلیەك هەر بۆ ئەو بێت و بۆ کەسی تر نەبێت، لەکاتێکدا کە هەر خۆی خالق و دروستکار و بەڕێوەبەر و دامەزرێنەر و گەڕێنەرەوەی هەموو شتێکە پێویست دەکات کە هەموو پەرستنێك هەر بۆ ئەو بیت و کەسی تر نەکرێت بەشەریك وهاوەڵی .

یەکخواپەرستی لە پەرستندا بریتییە لە تاکردنەوەی خودا لە سەرجەم پەرستنەکاندا، ئەویش بەوەی بەندەکان دەبێت چاك بزانن ودڵنیابن لەوەی کە تەنها خوای گەورە (اللّٰه) پەرستراوی بەهەق وڕاستیە، وە سەرجەم صیفاتەکانی پەرستراو لەهیچ یەکێك لە مەخلوقاتەکانیدا نییە وشایانی ئەوە مەقامە نییە خوای گەورە نەبێت، جا کاتێك بەندە ئەوەی زانی و وبەڕاستی دانی بەوەدانا ئەوا گشت پەرستنە دیار وئاشکرا و نادیارەکانیش بۆ خوای گەورە دەکات، وە لەهەمان کاتیشدا هەڵدەسێت بە جێ بەجێکردن و ئەنجامدانی ئەحکامە ئاشکراکانی شەریعەتی ئیسلام وەك نوێژ و زەکات و ڕۆژوو وحەج و فەرمان بەچاکە و قەدەغەکردن لەخراپە وچاکەکردن لەگەڵ دایك وباوك وبەجێهێنانی صیلەی ڕەحم، وە هەڵیش دەسێت بە بنەما نهێنی وناوخۆییەکانی لە باوەڕ بەخوا (اللّٰه) و بەفریشتەکانی وبە پەرتووك وکتێبەکانی وبە پێغەمبەرانی و بەڕۆژی دوایی و بەقەدەری خێر و شەڕی، وە لەمەشدا هیچ

مەبەستێکی تری نییە جگە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە و پاداشتی خێری .

**بەڵگەکانی (یەکخواپەرستی لەپەرستندا) وڕوونکردنەوەی گرنگیەکانی**

**یەکەم : بەڵگەکانی**

دەقەکان زۆرن وبەڵگەکانیش ئاشکرا و ڕوون لەسەر واجب بوونی تاککردنەوەی خوای گەورە (اللّٰه) بەپەرستن، ئەم بەڵگانەیش چەند جۆرێکن :

١- هەندێك جار بە فەرمان پێکردن، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) {البقرة:٢١} واتە : ئەی خەڵکینە! تەنها پەروەردگاری خۆتان بپەرستن، کە ئێوەو پێشووەکانی ئێوەی لەنەبوون دروستکردووە، بۆ ئەوەی ڕێبازی خواناسی و تەقوا و پارێزکاری بگرنە بەر.

هەروەها فەرموویەتی : "(وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ) {النساء:٣٦} واتە : (ئەی خەڵكینە) تەنها خوا بپەرستن و هیچ جۆرە شەریک و هاوەڵێکی بۆ پڕیار مەدەن"0

هەروەها دەفەرموێت :"(وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ...) {الاسراء:٢٣} واتە : پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن. ئەمانە و چەند ئایەتی تر کە باس لەم بابەتە دەکات ..

٢- وەهەندێك جاریش بەڕوونکردنەوەی ئەوەی کە تاکە مەبەستێکی سەرەکی لە دروستکردن وخەلق کردنی مرۆڤ و جنۆکە برتییە لە تەنها پەرستنی خوای گەورە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت :"(وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ) {الذاريات:٥٦} واتە : من جنۆکە و ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەندایەتی من بکەن ".

٣- هەندێك جاریش بەوە تەعبیری لێ دەکرێت کە مەبەست لە ناردن و ڕەوانەکردنی پێغەمبەران بۆ ئەم جۆرەی یەکخواپەرستی بووە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : (وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ

ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ... ) {النحل :٣٦} واتە : سوێند بە خوا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەكدا پێغەمبەرێكمان ڕەوانەكردووەو پێمان ڕاگەیاندووە كە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێكی تر جگە لەخوا ...

هەروەها فەرموویەتی : ( وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ) {الانبياء:٢٥} واتە : لەپێش تۆشەوە ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەر پەیامبەرێكمان ناردووە وەحیی و سروشمان بۆكردووە كە: هیچ پەرستراوێكی بەهەق نییە جگە لە من جاكەوایە هەر بەتەنها من بپەرستن."

٤- وەهەندێك جاریش ئەم یەكخواپەرستیە كراوە بە مەبەستی سەرەكی لەناردنی پەڕاوە ئاسمانی وئیلاهیەكان، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ( يُنَزِّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرُوٓاْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ) {النحل :٢} واتە : خوا بەفەرمانی خۆی فریشتەی وەحی (جبریل) بەسروش و وەحیەوەو

به فەرمانی پەیامبەریەتیی، دەنێرێ بۆ سەر هەرکەسێك لە بەندەکانی کە خۆی بیەوێ و بەشیاوی بزانێت، وەحییان بۆ دەکاو پێیان دەڵێ: کە خەڵك لەسزا بترسێنن و، ئاگاداریان بکەن کە جگە لە من هیچ پەرستراوێك بەهەق نییە جا کەواتە لەسنوورەکانم پارێز بکەن و، ولەمن بترسن .

٥- هەندێك جاریش بەڕوونکردنەوە و بەیانکردنی گەورەیی فەزڵ ومەزنی پاداشتی خاوەنەکەی کەچی پاداشتێکی گەورە ونازونیعمەتێکی بەڕێزی بۆ ئامادەکراوە لە دونیا ودواڕۆژدا، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : (ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ) {الانعام : ٨٢} واتە : ئەو کەسانەی پروایان هێناو، لەهەمان کاتدا ناحەقیی و شیرکیان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکرد، ئاسایش و نەبوونی ترس لەسزای خوا هەربۆ ئەوانە، نەك بۆ بت پەرستەکان، و هەر ئەوانیشن ڕێنمایی کراو بۆ ڕێگەی ڕاست و، بەهەقیانەتیش لەسەرینی.

پێشەوا(ئەحمەد) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، هاوەڵان زۆرپێیان سەخڵەت بوو و گوتیان: ئاخۆ کەسێك هەبێ ستەمی نەکردبێ لەخۆی ؟ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: مەبەست بەو (ستەم)ـە لە ئایەتەکەدایە (شیرك)ـە، واتە: دانانی شەریکە بۆ خوا، مەگەر ئەو ئایەتانەتان نەخوێندۆتەوە کە (لوقمان) بە کوڕەکەی خۆیگوت: ( يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٌ) .

٦- وەهەندێك جاریش بە ئاگادارکردنەوە و ترساندن بەوەی نەکەوینە ناو دژەکەیەوە (کە هاوەڵ پەیداکردنە بۆ خودا) وە ڕوونکردنەوەی مەترسی دژە یەکخواپەرستی، وە باسکردنی ئەو سزا سەختەی کە خوای گەورە ئامادەی کردوە بۆ ئەو کەسەی کە واز دێنیت لە یەکخواپەرستی لەپەرستنیدا، وەك دەفەرموێت : (إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ) {المائدة :٧٢} واتە : دڵنیابن ئەوەی شەریک و هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لەسەر حەرامکردووە و شوێن و جێگاو

سەرەنجامی ئاگرە، ئەوسا ئەوستەمكارانە هیچ جۆرە پشتیوانێكیان نی یە (كەس ناتوانێت فریایان بكەوێت).

هەروەها فەرموویەتی :"(وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَّدۡحُورًا) {الاسراء : ٣٩} واتە : هەرگیز پەرستراوێكی تر لەگەڵ خوا دامەنێ، ئەوسا بە لۆمە كراوەیی و دەركراوەیی لە ڕەحمەتی خوا، بێ یارو یاوەر تووڕ بدرێیتە ناو دۆزەخەوە، بێ ئەوە هیچ كەسێك هەبێت لێت بپرسێتەوە .

ئەمانە وچەندین بەڵگەی تر كە بەڵگەن لەسەر پێداگرتن لەسەر یەكخواپەرستی وبانگەواز بۆ كردنی وئاماژەدان بە فەزڵەكەی ورِوونكردنەوەی گەورەی پاداشتی خاوەنەكەی ومەزنی مەترسی سەرپێچیكەرانی.

هەروەها سوننەتی پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) پریەتی لە بەڵگەی ڕوون و ئاشكرا لەسەر گرنگی ئەم جۆرەی یەكخواپەرستی (یەكخواپەرستی لەپەرستندا) لەو بەڵگانەیش :

١- ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە لە موعاذی کوری جەبەلەوە کە پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : " يا معاذ أتدري ما حق الله على العباد، وما حق العباد على الله؟"، قلت: الله ورسوله أعلم، قال: حق الله على العباد: أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئا، وحق العباد على الله : أن لا يعذب من لا يشرك به شيئا، قلت: أفلا أبشر الناس؟ قال: لا تبشرهم فيتكلوا " {البخاري التوحيد (٦٩٣٨) مسلم الإيمان، (٣٠) الترمذي (٢٦٤٣) إبن ماجه الزهد (٤٢٩٦) وأحمد (٢٣٠/٥) } واتە : ئەی موعاذ ئایا ئەزانیت مافی خوا (اللّٰه) چیە لەسەر بەندەکان؟ ومافی بەندەکان چیە لەسەر خوا (اللّٰه)؟ ووتم : خوای گەورە پێغەمبەرەکەی ئەزانن، فەرمووی : مافی خوا (اللّٰه) بەسەر بەندەکانیەوە ئەوەیە کە بیپەرستن وهیچ شەریك وهاوەڵیکی بۆ دانەنێن، ومافی بەندەکان بەسەر خوداوە، ئەوەیە کە سزای ئەو کەسە نەدات کە شەریك وهاوەڵی بۆ دانانێت، موعاذ ووتی : ووتم

ئەی پێغەمبەری خودا موژدە نەدەم بەخەڵکی؟ فەرمووی : موژدەیان مەدەرێ چونکە پاڵی لێ دەدەنەوە .

٢- عبداللّٰەی کوڕی عەباس (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەڵێت : کاتێك پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) موعاذی نارد بۆ یەمەن پێی فەرمووو: " إنك تقدم على قوم أهل كتاب فليكن أول ما تدعوهم إلى أن يوحدوا الله تعالى  فإذا عرفوا ذلك فأخبرهم أن الله فرض عليهم خمس صلوات في يومهم وليلتهم..." {البخاري المغازي (٤٠٩٠) وسلم الإيمان (١٩) والترمذي الزكاة (٦٢٥) والنسائي الزكاة (٢٤٣٥) أبوداود الزكاة (١٥٨٤) إبن ماجه الزكاة (١٧٨٣) وأحمد (٢٣٣/١) والدارمي الزكاة (١٦١٤) } واتە : ئەی موعاذ تۆ بۆ لای گەل وهۆزێك دەچیت کە ئەهلی کتاب وخاوەن نامەی ئاسمانین، بایەکەم شتێك کە بانگیان دەکەی بۆی ئەوە بێت کە یەکخواپەرست بن، جا ئەگەر ئەوەیان زانی وکردیان، پێیان رابگەیەنە کە خوای گەورە پێنج نوێژی لە شەوڕۆژێکیاندا لەسەر فەرز کردووە.....

٣- لەعبداللّەى كورى مەسعود (خواى لىٚ ڕازى بيٚت) كە پيٚغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموويەتى : "  من مات وهو يدعو من دون الله ندا دخل النار" {البخاري تفسير القران (٤٢٢٧) ومسلم الإيمان (٩٢) وأحمد (٤٤٣/١) } واتە : هەركەسيٚك مرد وهاوەڵى بۆ خواى گەور دانابيٚت  ئەوە دەچيٚت ئاگرەوە .

٤-لەجابرى كورى عبداللّە (خواى لىٚ ڕازى بيٚت) پيٚغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموويەتى : " من لقي الله لايشرك به شيئا دخل الجنة، ومن لقيه يشرك به شيئا دخل النار " {البخاري العلم (١٢٩) ومسلم الإيمان (٣٢) وأحمد (٢٤٤/٣)} واتە : هەركەس بگات بەخواى گەورە وهيچ شەريك وهاوەڵيٚكى بۆ دانەنابيٚت ئەوە دەچيٚتە بەهەشتەوە، وە هەركەس بگات بەخودا وشەريك وهاوەڵى بۆ خودا دانابيٚت ئەوە دەچيٚتە ئاگرەوە .

فەرموودەكانى پيغەمبەرى خودا (صلى الله عليه وسلم) سەبارەت بەم باسە زۆرن و هەر ئەوەندە دەرفەت هەيە باسيان بكەين ...